سەید حەکیم: ڕێزگرتن لەسەروەری عێراق و کرانەوە بەڕووی هەمووان بنەمای پەیوەندییەکی هاوسەنگە



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا،چاوی کەوت بە بەڕێز ئەنیل بەرا ئینان باڵیۆزی تورکیا لە عێراق لەم دیدارە پێشهاتەکانی ناوچەکە و رۆڵی ولاتان تێیدا لەگەڵ هەوڵی کەمکردنەوەی پەرەسەندن باسی لەوە کرا، هەروەها هەردوو لا باسی پەیوەندی دوو قۆلی و چۆنیەتی پێشخستنی لەڕێگەی وەربەرهێنان لە خاڵە هاوبەشەکان و هەلی باشی نێوان هەردوو وڵات کرا.

سەماحەتی بانگەشەی دووپاتکردەوە کە دەبێت ململانێی ناوچەکە بەکۆتا بێت و سەقامگیری بگەڕێتەوە و گوتیشی گفتوگۆ باشترین ڕێگا چارەیە بۆ ئەوەی ئەوە بەدی بێت، ڕوونیشی کردەوە کە عێراق لەنێو ئەو وڵاتانەیە کە زۆر لەو قەیرانە زیانی پێگەیشتووە، ئەوەش بەهۆی پاشەکشە و کەمبوونی هەناردەی نەوتی عێراق بووە کە نەوتیش سەرچاوەی سەرەکی بودجەکەیە، هیواشی خواست ئەو قەیرانە بە زووترین کات کۆتایی پێ بێت، لەبەر ئەوەی کاریگەری لەسەر ئابووری هەموو جیهان هەیە، گوتیشی ولاتانی ناوچەکە دەبێت رۆڵی زیاتر بگێڕن بۆ ئەوەی هێوربوونەوە بەدی بێت و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر قۆستنەوەی هەلە باشەکان لەنێوان بەغدا و ئەنقەرە و ڕێگای گەشەپێدانی بە گرنگترین ئەو هەلانە وەسف کرد لەبەر ئەوەی عێراق دەکاتە وێستگەیەکی گرنگ بۆ بەستنەوەی ڕۆژهەڵات و رۆژئاوا، هەروەها سەید حەکیم باسی دادپەروەری لە دابەشکردنی ئاو کرد و بە گرنگی وەسفکرد.
لەکۆتاییدا سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە عێراق لەسەر بابەتی سنووردارکردنی چەك بە دەستی دەوڵەتی عێراقی بەردەوامە و ئەوەش لەڕێگای گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن دەبێت بەپێی دەستوور کە دووپات دەکاتەوە کە عێراق نابێتە دەروازەیەك بۆ هێرشکردن لە ولاتانی دەوروبەر و دراوسێ، جەختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە ڕێز لە سەروەری عێراق و هەوڵی بۆ کرانەوە بەرامبەر هەمووان بگیرێت.